Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080403

# هەندێك لە هونەرەكانی جوانكاری لە شیعرەكانی (هێدی)دا

جەلال ئەنوەر سەعید

زانكۆی صلاح الدین/ كۆلێجی پەروەردە / مخمور

عمر رسول حسن

بەشی كوردی، كۆلیژی پەروەردەی قەڵادزێ، زانكۆی راپەڕین

**پوختە**

هەروەكو چۆن هەر یەكێك لە هونەرە جوانەكان كەرەستەی تایبەتیی خۆی هەیە؛ بۆ نموونە كەرەستەی وێنەكێشان رەنگە و هی سەما جووڵەیە و هی پەیكەرتاشیی بەردە و هی مۆسیقا دەنگە. كەرەستەی ئەدەبیش زمانە. كەواتە دەتوانین بڵێن كە ئەدەب بەكارهێنانێكی هونەریانەی زمانە. بۆ ئەوەی شاعیریش بتوانێت زمان بە شێوەیەكی هونەریی بەكاربهێنێت و داهێنان بكات، پێویستە شارەزاییەكی باشی لە هونەرەكانی رەوانبێژیدا هەبێت. هەڵبەت رەوانبێژی و زمان پاراوبی بۆ هەموو مرۆڤێك گرنگە، چونكە ئەگەر لەپاڵ هەموو زانیاری و رۆشنبیرییەك كە هەیەتی، ئەگەر نەتوانێت بە زمانێكی پاراو بدوێت و بنووسێت ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانێت پەیامی خۆی بە بەرانبەر بگەیەنێت. جا ئەگەر ئەمە بۆ كەسێكی ئاسایی وابێت دەبێ بۆ شاعیرێك چەند گرنگ بێت؟

یەكێك لەو هونەرانەی رەوانبێژی كە زۆر جێگای بایەخی شاعیرانە و لە رێگەیەوە داهێنان و ئاستی بەرزی هونەریی خۆیان پیشاندەدەن، هونەری جوانكارییە. كەواتە جوانكاری بەشێكی گرنگە لە رەوانبێژیدا، لەلایەن شارەزایان و شاعیرانەوە بایەخێكی زۆری پێدراوە، یەكێكە لەو هونەرانەی پانتاییەكی فراوانی لە دیوانی شاعیراندا داگیركردووە و بە بەراورد بە هونەرەكانی دیكەی رەوانبێژی بەهایەكی تایبەتی دراوەتێ، چونكە بە هۆیەوە شاعیران، جوانكارییە ئەدەبییەكان لەنێو ئەم هونەرەدا دەبیننەوە، هەروەها لایەنێكی بەسوودیشە لە دروستكردنی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە، لە شیعری شاعیراندا. هونەری جوانكاریش لە دوو بەشی سەرەكی پێكدێت؛ ئەوانیش (جوانكاری وشەیی و جوانكاری واتایی)ن، ئەمانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دید و بۆچوونی شاعیرانەوە هەیە، كە وایان لێدەكات، بە دوای ئەو وشە و ڕستانەدا بگەڕێن بۆ ئەوەی بتوانن وێنەیەكی جوانی هونەری بهێننە ناو دنیای شیعرەوە، لە لایەكی ترەوە رۆڵی بەرچاویان هەیە لە دروستكردنی ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی وشەكان و هاتنی چەند جارەی وشە لە پاتكردنەوە و گێڕانەوەیدا، ئەمانە هەمووی وا دەكەن هونەرەكانی جوانكاری بێنە ئاراوە، بۆیە دەبینین تا دێت پێگەی ئەم هونەرە لەنێو دیوانی شاعیراندا بە شێوەیەكی بەرچاو زیاد دەكات.

*Article Info*

Received: October , 2021
Accepted : Noember ,2021
Published :Desember ,2021

*Keywords*

جوانكاری، رەگەزدۆزی ، دژیەك ، پاتكردنەوە

*Corresponding Author*

jalal.saeed@su.edu.krd

**Humerresul028@gmail.com**

## پێشەکی

ڕەوانبێژی ئاستی سەرکەوتنی شاعیر لە دەقی شیعریدا دیاری دەکات، بوونی ئەم زانستە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لەناو دەقی ئەدەبیدا، ئاست بەرزی دەق و شاعیریش دەردەخات. خالید ئاغای حیسامی (هێدی)یش، یەکێکە لەو شاعیرە گەورانەی کە بە شێوەیەکی بەرچاو و هونەریی، هونەرکانی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانییدا بەکارهێناوە و وەستاییەکی چاکی پیشانداوە، بە تایبەتیش هونەرەکانی جوانکاری، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کە هونەرەکانی جوانکاری لە شیعرەکانی هێدیدا دەستنیشانبکات و ڕێژە و ئاستی هونەری بەکارهێنانی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی هونەری جوانکاری لە لای شاعیردا ڕوونبکاتەوە، کە تاوەکو ئەمڕۆش بە پێی پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.

سنووری توێژینەوەکەمان تەنیا بریتییە لە هونەرەکانی جوانکاری لە شیعرەکانی هێدیدا.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفیی شیکاریمان پەیڕەو کردووە. توێژینەوەکەشمان جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەسەرەتایەکی کورت و سێ تەوەر پێکدێت. لەسەرەتادا زۆر بە کورتی باسی جوانکاریمان کردووە. لە تەوەری یەکەمیشدا باسمان لە ڕەگەزدۆزی کردووە و بە نموونەی شیعرییەوە جۆرەکانیمان ڕوونکردووەتەوە. تەوەری دووەمیش تایبەتە بە دژیەك و نموونەی شیعریی پێویستمان بۆ ئەمیش هێناوەتەوە. لە تەوەری سێیەم و کۆتاییشدا، هەر بە نموونەی شیعرییەوە باسمان لە پاتکردنەوە کردووە.

### سەرەتا: چەمک و پێناسەی جوانکاری

جوانکاری یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی ڕەوانبێژیی و بنەمایەکی گرنگی مۆسیقای ناوەوەی شیعرە، کە بەیاخ بە لایەنی ئێستاتیکای دەقە شیعرەکە دەدات. لە ڕووی زاراوەوە جوانکاری ناوێکی واتاییە، " پێکهاتووە لە ئاوەڵناوی بکەر لێکدراوی (جوان + کار) و (ی) کە وەک پاشگرێک هاتووەتە سەر وشەی (جوانکار)ی، ناوە واتییەکەی لێ دروستکردووە" ( عەبدوڵڵە،٢٠١٢: ١٢). (سیروش شمیسا) لەبارەی جوانکارییەوە دەڵێت :"زانستێکە کە لە ڕووەکانی پەسنی ئاخاوتن دەدوێت و قسەی ئاسایی کەم و زۆر بۆ ئاخاوتنی ئەدەبی دەگۆڕێت. یان ئاخاوتنی ئەدەبی دەگۆڕێت بۆ شێوازی ئەدەبی" (شەمیسا، ١٣٨٦: ١٧ - ١٨). کەواتە جوانکاری "زانستێکە بەکاردێ بۆ ناسینی جوانی واژە و واتا، لە دوای گونجانی لەگەڵ باری پێویستی گوێگر و خوێنەر" (گەردی و ئەحمەد،٢٠١٣: ٢٤٨) . لە گرنگترین هونەرەکانی (جوانکاری)، (ڕەگەزدۆزی، دژیەك، پاتکردنەوە) وەردەگرین و لەگەڵ جۆرەکانیاندا، ڕێژەی بەکارهێنانیان بە نموونەی شیعرییەوە لەم تەوەرانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو. دیارە کە ئەو ڕێانەی ئێمە دەرمانهێناون هەمووی بە پێی ناسین و درکپێکردنی ئێمەیە، بۆی هەیە ئەو ڕێژانە زیاتر یان کەمتربێت.

### تەوەری یەکەم

### ڕەگەزدۆزی (الجناس)

لقێکە لە زانستی جوانکاری وشەیی، زۆرێک لە شاعیران ئەم جۆرە هونەرەیان لە بەرهەمە شیعریەکانیان پەیڕەو کردووە. بەوە پێناسە کراوە " کە دوو وشە یان زیاتر لە شێوەدا واتە لەدەنگەکان وەک یەک وابن یان لەیەکەوە نزیک بن، بەڵام دەبێت هەریەکەیان مانای تایبەتی خۆی هەبێت " (گەردی وئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٤٩). ئەگەر وشەکان یەک مانایان هەبوو ڕەگەزدۆزی دروست نابێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هونەری ڕەگەزدۆزی دوو ئەرکی گرنگی هەیە، ئەوانیش؛ یەکەم (هاوئاوازی دەنگی) ئەمەش بە لایەنێکی گرنگی پێکهاتەی هاوچەشنی وشە دادەنرێت. دووەمیان (هاوئاوازی مانا) گشتییەکەیە کە لە ئەنجامی مۆسیقای هەردوو وشە هاوچەشنەکە دروستدەبێت. کەواتە "ڕەگەزدۆزی بە یەکێک لە دیارترین جۆرەکانی مۆسیقای ناوەوە و بابەتی گرنگی ڕەوانبێژی دادەنرێت. لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا جۆرێکە لەجۆرەکانی پاتکردنەوە" (المجذوب، ١٩٧٠: ٥٢-٥٣).

ڕەگەزدۆزی لە شیعرەکانی هێدی شاعیردا وەک هونەرێک بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێن. دەتوانین بڵێین لە بەشی زۆری شیعرەکانیدا هونەری ڕەگەزدۆزی بەکارهێناوە، کە لەم جۆرانەی خوارەوە خۆی دەنوێنێت:

1. **ڕەگەزدۆزی تەواو:** "بریتییە لە بوونی دوو وشە، لەشێوەدا وەکو یەک و لە واتادا جیاوازبن. ئەمەش جوانییەک و چێژێکی خۆش بە خوێنەر دەبەخشێت" (عەبدوڵڵە، ٢٠١٢: ١٣). ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی تەواو دەیانگرێتەوە، پێویستە لەم خاڵانە خوارەوەدا وەکو یەک بن:

١- جۆری دەنگ

٢- ژمارەی دەنگ

٣- ڕیزبوونی دەنگ

ئەم جۆرانەی ڕەگەزدۆزی تەواو کە لە شیعرەکانی شاعیردا بەکارهاتوون ئەمانەن:

**ڕەگەزدۆزی ئاوێتە:**

بە واتای ناسادەیی ئەو وشانە دێت کە ڕەگەزدۆزییان لێکەوتووەتەوە، بێ گوێدانە ڕەگەز و ڕەسەنی وشەکان. ڕێژەکەیشی بریتییە لە (١,٢٥%). بۆ نموونە شاعیر لە هۆنراوەیەکدا بەناوی (سۆما) ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییەی بەکارهێناوە. کە دەڵێ:

**چەتە سۆمایی لە چاوان بردن**

**چون بووسۆمایی لەبیریان کردن** (هێدی:٢٣٧)

(سۆمایی) دوو جار لە دێڕەکەدا پاتبووەتەوە، لە نیوە دێڕی یەکەم بە واتای بینایی چاوان دێت. لە نیوە دێڕی دووەم بە مانای خەڵکی سۆما دێت. سۆما کە ناوچەیەکە لە کوردستانی باکوری تورکیا. وشەی (سۆمایی) وشەیەکی ناسادەیە، لە ناو + پاشگری (ایی) پێکهاتووە.

**أ/ ڕەگەزدۆزی تەواوی هاوڕەسەن:**

واتە ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزییان پێکهێناوە هاوڕەسەن یان هاوڕەگەزن، وەکو ئەوەی هەموویان (ناو) بن یان (کردار) بن.

شاعیر بەڕێژەی (٦,٢٥%) ڕەگەزدۆزی تەواوی هاوڕەسەنی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە شیعری (ئاوات)دا دەڵێت:

**زولفی سەرشانت عەزیزم کاتێ هاتی شانەکەی**

**من گوتم سەد خۆزگە دەنکی شانە بام و شا نەبام** (هێدی:٣١٣)

ڕەگەزدۆزی لەنێوان وشەی (شانە بام) و (شا نەبام)دایە، کە هەردووکیان هەر کارن. بەڵام لە یەکەمیاندا ئەرێیە و لە دووەمیاندا نەرێیە. واتە دەکرێ بڵێین کە بەم ئەرێ و نەرێیە دژیەکیشی دروستکردووە و ئەمجا بە هۆیەوە ڕەگەزدۆی

تەواوی دروستکردووە. شاعیر دەخوازێت کە دەنگی (شانە) بێت (ئەرێ) و (شا) نەبێت (نەرێ).

**ب/ ڕەگەزدۆزی تەواوی تەبا:**

ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی تەبا دروستدەکەن. لە شێوەدا وەکو یەکن، بەڵام لە ناوەڕۆک و ڕەگەزدا لێک جیاوازن "واتا یەکێکیان ناو بێت و ئەویتریان کار یا ئاوڵناو بێت. یا بەپێچەوانەوە ئەوەیە کە دوو وشە لە یەک ڕەگەزدا نەبن، لە دوو جۆری جیاواز بن وەک ناو و کار" (جامی،٢٠١٢: 12) بەکارهێنانی ئەم جۆرەی ڕەگەزدۆزی لە شیعرەکانی شاعیردا زۆر کەمە ڕێژەکەی (٢,٥ %)یە. بۆ نموونە:

**هەست ئەکەم لێرە لە دەوروبەری دێ**

**جێی هەڤاڵانی تری پێ شک دێ** (هێدی: ٢٦٠)

وشەی (دێ) لە کۆتایی هەردوو نیوە دێڕەکەدا هاتووە. لە شێوەدا هەردووکیان وەکو یەکن بەڵام لە واتادا هەریەکێک لەدوو وشەکە واتایان لێک جیاوازە. (دێ)ی یەکەم بەواتای لادێ هاتووە (دێ)ی دووەم بەواتای پێشکهاتن دێت کە کارێکی ڕانەبردووە. بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواوی تەبا دروستبووە.

**1. ڕەگەزدۆزی ناتەواو:**

لێرەدا ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزییان لێ دروست دەبێت، لە شێوەدا کتومت وەکو یەک نین. جیاوازییان هەیە، بەڵام لەیەکەوە نزیکن. جیاوازییەکەش دەبێت تەنیا یەکێک لەم خاڵانە بێت.

١- ژمارەی دەنگەکان

٢-جۆری دەنگەکان

٣- ڕیزبوونی دەنگەکان

واتە یان جۆری پیتەکان جیا بێ، یان ژمارەی پیتەکان بەقەد یەک نەبن، یان ڕیزی پیتەکان گۆڕابێ. "نابێ دوو مەرج پێکەوە لەیەک وشەدا کەم بن، ئەگەر دوو مەرجی جیاواز لە وشەکان کەم بێت. ئەوە وشەکان نابنە ڕەگەزدۆزی ناتەواو"، ئەمەش زیاتر لە جۆرێکی هەیە، وەکو (جودا، زیاد و پێچەوانەیی و هاوکێشی و کەرتی..... هتد) (صابر، ٢٠١٧: ٩٥)

ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە شیعرەکان هێدی وەک دیاردەیەکی گرنگی هونەری بەکارهێنراوە. دەتوانین بڵێین بەگشتی لە شیعرەکانیدا هەیە. ئەم جۆرانەی لە هۆنراوەکانی شاعیر بەدیدەکرێن ئەمانەن:

**أ/ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا:**

بریتیە لە بوونی دوو وشە، کە ژمارە و شێوەی ڕیزبوونی پیتەکانیان وەک یەک بن، بەڵام یەکێ لە پیتەکان لە یەکتری جیاوازبن، شاعیر بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا پەیڕەو کردووە. کە زیاتر لە (٤٧٥) جار پات بووەتەوە بەڕێژەی (٩١ ,١ %) ئەم جۆرە هونەرەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. نموونەی ناتەواوی جودا ئەمانەن:

**باسی جوانیت گەرلە کۆڕێ، بێتە گۆڕێ یەک بەیەک**

**گوارە دێ ڕازێکی دێنێ ، بازنە دێ ، پاوانە دێ** (هێدی:٣٦٠)

لەم دێڕە هۆنراوەیە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا لە نێوان وشەکانی (کۆڕێ) و (گۆڕێ) دایە، چونکە پیتی سەرەتایان جیایە، لە یەکەمیان(کاف) و لە دووەمیان (گاف)ە. کەواتە ڕەگەز دۆزی ناتەواوە لە جۆری دەنگ..

**ئەو دەم شارەی مەهاباد لە تەمێ دا---نەک مەهاباد کوردستان لە خەمێ دا** (هێدی: ٣١٦)

(تەم) و (خەم ) تەنها لە پیتی سەرەتا لێک جیاوازن، کە لە یەکەم (ت) و دووەمیان (خ)ە. ئەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری جودای بەرهەم هێناوە.

**ب/ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە:**

ئەمەش جۆرێکی تری هونەری ڕەگەزدۆزییە، کە دوو وشە، لە شێوە و ڕیزبوونی پیتەکانیان یەک بن، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان وەکو یەکتر نەبن، "واتا یەکێ لە وشەکان پیتێک یان دووپیتی زیادەی تێدا بەدیدەکرێت. ئەگەرپیتە زیادەکە لە سەرەتا یان ناوەڕاست بێت. ئەوە بەڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە دادەنرێ" (بابایی، ١٣٨٨: 44). ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە لە شیعرەکانی هێدیدا دەگاتە (٧,٥٤. %). هەروەک لەم نموونانەدا زیاتر دەردەکەون کە پیتە زیادەکە هەر جارەی دەکەوێتە شوێنێکی وشەکەوە.

**کوردە بۆ یەک دەبنە نێچیروان**

**کورد نەبێ کێی ترە نێچیری وان** (هێدی: ٢٧٣)

وشەی (نێچیری وان) پیتی ناوەڕاستی (ی)ە، لە وشەی (نێچیروان) زیاترە. ئەگینا جۆر و ژمارە و ڕیزبوونی شێوەی پیتەکانی تریان وەک یەکە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە بە یەک پیت دروست بووە.

لەم دێڕەی خوارەوە، ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە لە وشەکانی (ڕۆژان) و (ژان) دایە. یەکەمیان دووپیتی (ر، ۆ)ی، لەوشەی دووەمی (ژان)زیاترە.

**ئەزانم ڕۆژێک لە ڕۆژان --- بریبنت لێ دێتەوە ژان** (هێدی: ٢١٢)

هێدی لەهۆنراوەیەکی تردا بە ناونیشانی (نامەیەک بۆ کاوە) دەڵێت:

**تا کەنگێ زەمانی بێ زمانی**

**با بەس بێ وچانی وێژەوانی** (هێدی: ٢٨١)

وشەی (زەمانی) پیتی ناوەڕاستی (ە)بزوێن، لە وشەی (زمانی) زیاترە. ئەگینا جۆر و ژمارە و ڕیزبوونی شێوەی پیتەکانی تریان وەک یەکە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە دروستبووە.

**ج/ ڕەگەزدۆزی داتاشراو:**

ئەو جۆرەیە "هەردوو وشەکە لەیەک بنەما دروستکرابن، ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییە مۆسیقایەکی ئاوازدار بە دێڕە شیعرەکە دەبەخشێ، گرنگی ئەم جۆرە بەکارهێنانە لەمۆسیقادا دەگەڕێتەوە بۆ پێداگری شاعیر لەسەر ئەم وشانە و گرنگی وشەکان لەلای شاعیر" (ئەحمەد،٢٠١٠: 85). ئەم جۆرەی ڕەگەزدۆزیش لە هۆنراوەکانی (هێدی)دا زۆر کەمە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٠,٢١%). بۆ نموونە:

**بولبولی مەست هەڵوەدای یاقووتی ناو پیرۆزەیە**

**دەردەداری عیشقە کەنگێ سەر دەنێتە سەر سەرین** (هێدی: ١٧٥)

وشەی (سەر) و (سەرین) ڕەگەزدۆزیان دروست کردووە. بنەمای دروست بوونی هەردوو وشەکە یەکە.

**د/ ڕەگەزدۆزی لار:**

ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییە لە نێوان ئەو وشانەدا دروست دەبێت کە لەڕووی ژمارە و شێوە و ڕیزبوونیان وەک یەکە بەڵام جۆری پیتەکان لێک جیاوازن. کەواتە ڕەگەزدۆزی لار "بریتییە لە جیاوازی شێوەی ئەو پیتەی وشەکان، کە ڕەگەزدۆزی دروستکردووە. وەک هەبوون و نەبوونی ( . ) خاڵ کە لەم پیتانەدا دروست دەبێت. (ر- ز)، (ح – خ)، (ف -ق)، (ر- ڕ)، (ل- ڵ)... هتد" (صابر، ٢٠١٧: ٩٨). ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لار لای شاعیر دەگاتە (٠,٦٤%) وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت.

**دەست و پەیوەند و موچە خۆر ---- لە ڕەنگ و شکڵی جۆربە جۆر**

(هێدی:٢١٠)

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (جۆر) و (خۆر) دروست بووە. کە لە وشەی یەکەم (ج) و لە وشەی دووەم (خ)یە.

**ه/ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی:**

ئەوەیە کە لەنێوان دوو وشە یان زیاتر ڕیزی پیتەکانیان وەکو یەک نەبن. "ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانە دروستدەکەن. وشەی دووەمیان ڕیزبونی پیتەکانی پێچەوانەی ڕیزبوونی وشەی یەکەمە" (عەبدوڵڵە، ٢٠١٢: ٢٧). پەیڕەوکردنی ناتەواوی پێچەوانەیی لای هێدی(٠٠,٤٣ %)یە، بۆ نموونە:

**ڕەشاش وەک کەوی سەربەردان دەی خوێند بۆ جاشی سەرگەردان** (هێدی: ٢١٥)

وشەکانی (وەک، کەو) دوو وشەن هەردووکیان لە ڕووی حۆر و ژمارەی پیتەکانیانەوە وەکو یەکن، بەڵام شێوەی ڕیزبوونی پیەتەکان وەک یەک نین، پیتی (کاف) لەوشەی (وەک) کەوتووەتە کۆتایی وشەکە، بەڵام لەوشەی (کەو) لە سەرەتای وشەکەیە. ڕیزبوونی پیتەکانیان تەواو پێچەوانەی یەکن. واتە هەردوو وشەکە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی یان لە کۆتایی بۆ سەرەتا دەخوێنرێنەوە، جارێ بە (کەو) جارێک بە (وەک). بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانە دروستبووە، جگە لە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانە، ڕەگەزدۆزی ناتەواوی (جودا)ش لە نێوان وشەی (سەربەردان) و (سەرگەردان)یش هەیە. کە دوو پیتی ناوەڕاستیان جیایە، لە وشەی نیوە دێڕی یەکەم (ب) و لە وشەی نیوە دێڕی دووەم (گ)یە، ئەمش توانا و لێهاتووی شاعیر دەردەخات، لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

سەرجەمی ئەو جووتە وشانەی کە ڕەگەزدۆزی تەواو و ناتەوایان بەهەموو جۆرەکانیانەوە لە شیعرەکانی (هێدی)دا دروستکردووە (٥١٥) جووتە وشەیە، (٩) جار ڕەگەزدۆزی تەواوە ڕێژەکەی (١,٧٤ ٠%) و (٥٠٦) جاریش ڕەگەزدۆزی ناتەواوە. کە ڕێژەکەی (٩٨,٢٥ %)ە کە لەم خشتەیەدا جۆر و ژمارە و ڕێژەکەیان دەخەینەڕوو.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ڕەگەزدۆزی | | | | | | ٥١٥ |
| | ژ | جۆری ڕەگەزدۆزی تەواو | ژمارەی بەکارهێنان | ڕێژەی سەدی | ژ | جۆری ڕەگەزدۆزی ناتەواو | ژمارەی بەکارهێنان | ڕێژەی سەدی |
| | | ڕەگەزدۆزی تەواو | ٩ | % ٠١,٧٤ | | ڕەگەزدۆزی ناتەواو | ٥٠٦ | % ٩٨,٢٥ |
| | ١- | تەبا | ٣ | %٣٣،٣٣ | ١- | جودا | ٤٧٥ | % ٩٠,٣١ |
| | ٢- | هاوڕەسەن | ٥ | % ٥٥,٥٥ | ٢- | زیاد | ٤٢ | % ٠٨,٣٠ |
| | ٣- | ئاوێتە | ١ | % ١١,١١ | ٣- | لار | ٣ | % ٠٠,٥٩ |
| | ٤- | | | | ٤- | داتاشراو | ٢ | % ٠٠,٣٩ |
| | | | | | | پێچەوانەیی | ٢ | % ٠٠,٣٩ |

## تەوەری دووەم

**دژیەک (التضاد)**

لە زانستی ڕەوانبێژیدا وەک یەکێک لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی تەماشادەکرێت. بریتییە لە دوو وشەیە کە دژ و پێچەوانەی یەکترین. ئەم هونەرە پانتاییەکی فراوانی لە شیعری شاعیراندا گرتووەتەوە. توانای زۆری ئەو شاعیرانەشی دەرخستووە، کە بایەخیان بە ڕووخساری شیعری داوە. "ئەم هونەرە لای عەرەبەکان بە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی قسەکردن دادەنرێت. مەبەستیش لێی ئەوەیە کە وشەکە دوو مانای جیاوازی دژ بەیەک ببەخشێت" (السجستانی، ١٩٩١: ٤). دەتوانین بڵێین دژیەک بە بنەمایەکی گرنگی پێکهاتەی مۆسیقای ناوەوەی شیعریش دادەنرێت. کە "بریتییە لە کۆبوونەوەی نێوان دوو مانای دژ و هاوبەرامبەریەک، وەکو خوای مەزن و دلۆڤان دەفەرموێ: ((وَتَحْسَبُهُمْ **أَيْقَاظًا** وَهُمْ **رُقُودٌ**)) (الکهف: ١٨). لە چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوتدا، وایان دەزانی کە بێدارن، بێداریش پێچەوانەی خەوتنە" (قاسم، ٢٠١٢: ٦١٥).

هێدیش زۆر سوودی لە م هونەرە وەرگرتووە و بە ڕێژەیەکی فراوان بایەخی بە لایەنی جوانکاری داوە و وشەی دژ بە یەک لە شیعرەکانیدا دەبینرێت. ئەم هونەرەش وایکردووە کە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی جوانتر و تەڕ و پاراوتر بکات، چونکە دژیەک ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە بۆ پێکەوەلکاندنی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەردوو وشە دژ واتاکە. بەگشتی دژیەك دوو جۆرە: (ئەرێنی، نەرێنی).

**1. دژیەکی ئەرێ (فەرهەنگی):**

ئەوەیە وشەکان هەریەکە لە ڕەگەزێکی سەربەخۆبن، لە مانادا دژ و پێچەوانەی یەکترین وەکو: (شەو و ڕۆژ، گەور و بچووک، ژیان و مردن ...هتد). یان بەواتایەکی تر لەم جۆرە دژیەکەدا "دوو وشەکانی (دژیەک) لە فەرهەنگدا دوو سەرچاوەی لێک جیایان هەیە و پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی سروشتییە، نەک پەیوەندییەکی دروستکراو" (عەبدوڵڵە، ٢٠١٢: ٨٦).

ئەو جۆرانەی (دژیەکی ئەرێنی) کە لە شیعرەکانی هێدیدا دەبینرێن ئەمانەن:

**أ- دژیەک لەنێوان دووناودا:**

واتا ئەو دوو وشەیەی دەبن بە دژ و پێچەوانەی یەکتری لە ناودا دەردەکەون، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لای شاعیر دەگاتە (٢٧, ٤٤%). بۆ نموونە لە هۆنراوەی (خەمی من)دا شاعیر دەڵێت:

**ڕازی منیان زۆر لەلایە و نای درکێنن**

**تۆ مەزانە بەدایک و باوک پەروەردە بون** (هێدی: ٤٠٣)

لێرەدا (دایك و باوك) ئەگەرچی هەمیشە تەواوکەری یەکترن بۆ درێژەدان بە نەسلی مرۆڤایەتی، بەڵام هەردووکیان ناون و هەر یەکەشیان لە ڕەگەزێکی جیاوازن (نێر و مێ) کە ئەمەش مەبەستی ئێمەیە.

**ب-دژیەک لە نێوان دووکاردا:**

واتە ئەو دوو وشەیەی کە دژیەکن هەردووکیان لە کاردا دەردەکەون و لە رووی واتاشەوە تەواو پێچەوانەی یەکترن، ڕێژەکەی بەکارهێنانی ئەم جۆرەی دژیەکە لە شیعری هێدیدا دەگاتە (٤,٥٨٠%). بۆ نموونە:

**کارێ پێک نایە بە خۆزگە و بریا**

**دوژمنی پێکەنی هەرکەس گریا** (هێدی: ٢٧٦)

(پێکەنی) و (گریا) دوو کاری ڕابردووی تێنەپەڕن و هەریەکە لە ڕەگەزی سەربەخۆن و دژ و پێچەوانەی یەکترن.

**ج- دژیەک لە نێوان دوو چاوگ دا:**

بەکارهێنانی دوو چاوگ لە نیوە دێڕێ یان دێڕە هۆنراوەیکدا، دژو پێچەوانەی یەکترین جۆرێکە لە هونەری جوانکاری. پەیڕەوکردنی ئەم هونەرە بە ڕێژەیەکی زۆرکەم لە شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێت. کە ڕێژەکەی دەگاتە (٥٢ ,٠١%) بۆ نموونە:

**باسی خوێنی پاکی تۆیە و شۆڕشی ڕزگاریە**

**یان بە سەربەستی ژیان، یا مردنی یەکجاریە** (هێدی: ٣٠٦)

(ژیان) و (مردن) لەم دێڕە هۆنراوەیەدا دوو چاوگن، هەریەکەیان لە ڕەگەزی سەربەخۆیە و دژ و پێچەوانەی یەکترن.

**د- دژیەک لە نێوان دوو ئاوڵناودا:**

ئەو دوو وشەیەی کە دەبن بە دژیەکی ئەرێ، دەبێت ئاوڵناو بن و هەر یەکێکیان لە ڕەگەزی سەربەخۆن، ڕێژەی بەکارهێنانی لە شیعرەکانی هێدیدا دەگاتە (٢٧,٤٨ %). بۆ نموونە:

**هەرچی لەو ناوەیە هەریەک بەجوێ**

**لە شتی کۆن و نوێ بۆم بدوێ** (هێدی:٢٤٠)

(کۆن) و(نوێ) دوو ئاوڵناوی چۆنیەتی سادەن، لە بنجدا دژو پێچەوانەی یەکترن و لە فەرهەنگیشدا هەریەکە واتایەکی سەربەخۆی هەیە.

**هـ- دژیەک لە نێوان دوو ئاوڵکاردا:**

واتا بونی دوو ئاوڵکارە لە دێرێک یان نیوە دێڕێکدا. وشەکان پێچەوانەی یەکترین. پەیڕەوکردنی ئەم جۆرەی دژیەکی ئەرێنی لای شاعیر دەگاتە (١٣, ٢٢%). بۆ نموونە:

**دوورو نزیکی دەگرمە بەرچاو**

**هەموو جێگای بە سەرنجێکی تەواو** (هێدی: ٢٤١)

(دوور) و (نزیک) لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو ئاوڵکاری شوێنین، واتاکانیان تەواو پێچەوانەی یەکترییە، بەم هۆیشەوە دژیەکی ئەرێنییان دروستکردووە.

**2. دژیەکی نەرێ (نافەرهەنگی):**

ئەوەیە کە دوو وشەکە بە نەفی یان بە نەهی بووبن بە دژیەک، وەک: (پاک × ناپاک، بەهێز × بێ هێز ...هتد). واتە "ئەو وشانەی دەبنە دژیەکی یەکتری، بە یارمەتی ئامرازەکانی نەرێکردن وشەکە دەبێت بە نەرێ، دوو وشە دژ بەیەک و پێچەوانەکە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکەیان ڕیشەی سەربەخۆی نییە. بەڵکۆ هەردووکیان لە بنجدا هەریەک ڕیشە و ڕەگیان هەیە" (قادر و فرج، ٢٠١٩: ٤٩).

ئەو جۆرانەی (دژیەکی نەرێ) کە بەهۆی ئامرازی نەرێکردنەوە (نەفی) (نە، نا، مە)، بوون بە دژیەک لە شیعرەکانی هێدیدا ئەمانەن:

**أ- وشە دژیەکەکان ناوبن:**

ئەو وشانەی کە دەبن بە دژیەکی نەرێ دەبێت ناو بن و بە هۆی ئامرازی نەفییەوە دوو وشەکە دژ و پێچەوانەیی دروستدەکەن. بوونی ئەم جۆرەی دژیەکی نەرێ لای هێدی زۆر کەمە. ڕێژەی بەکارهێنانی(١ %)ە. بۆ نموونە:

**تەرپاراوی تۆن ئەزمان لە زاران**

**لە دەس تۆدایە دڵی یارو نەیاران** (هێدی: ١٤٦)

لە نیوە دێڕی دووەمدا (یار) و (نەیاران) دوو ناون، یەکەمیان ئەرێ و دووەمیان بەهۆی ئامرازی (نە)وە بووەتە نەرێی وشەی یەکەم، بەمەش دژیەکێکی نەرێیان دروستکردووە. ئەگەرنا لە بنجدا هەردووکیان لە سەر بنەمای وشەی (یار)ەکە دروستکراون.

**ب- وشە دژیەکەکان کاربن:**

دوو کار لە دێرێک یا نیوە دێڕێکدا دەبن بە دژیەکی نەرێ، هەردوو کارەکەش لە بنەڕەتدا یەک ڕەگەزیان هەیە. ئەم جۆرە بە ڕێژەی (٣٣ ,٨٣%) لە شیعری هێدیدا بەکارهاتووە. بۆ نموونە:

**ئەو دەمەی وا پشوو نایە لەلایە**

**ئەو کاتەی وا بەهار دێ سروە نایە** (هێدی: ٣١٥)

لە نیوە دێڕی دووەم دوو کار هەیە. (دێ) و (نایە). کاری دووەم نەرێی کاری یەکەمە لە ڕستەکەدا کە بە(نا) نەرێکراوە کە کارێکی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنن، لەم بارەدا (نا)ی نەرێیەکە شوێنی (دە)ی نیشانەی کاری ڕانەبردوو دەگرێتەوە. ئەو دوو کارە، دەبن بە دوو وشەی دژ و پێچەوانەی یەکتری، بەمەش دژیەکی نەرێنی دروستکردووە.

**ج- وشە دژیەکەکان چاوگ بن:**

واتا ئەو وشانەی کە بە هۆی ئامرازی (نەرێ)وە دەبن بە دژیەک دەبێت چاوگ بن، کە هەردوو چاوگەکەش لە بنەڕەتدا یەک ڕەگیان هەیە. پەیڕەوکردنی ئەم جۆرەی دژیەک لای هێدی (٠٣,٣٣%)ە. بۆ نموونە:

**دو ایی هەردێ ئەو بون و نەبونە**

**سەرەنجامی هەموو بونێکی ڕونە** (هێدی: ٣٩٢)

لە نیوە دێڕی یەکەم (بوون و نەبون) هەیە. (بون) چاوگێکی ئەرێیە و (نەبون) نەرێی ئەوە، لەسەر بنەمای چاوگی (بون) ئەو دروستبووە، بۆیە هەردووکیان یەک ڕەگیان هەیە، نەک دوو ڕەگی سەربەخۆ، بەڵام دژیەکی نەرێنی دروستبووە. کە دژ و پێچەوانەی یەکترن.

**د- وشە دژیەکەکان ئاوڵناو بن:**

واتا ئەو دوو وشانەی کە دژیەکی نەرێ پێکدەهێن ئاوڵناون. کە لە بنەڕەتدا هەردووکیان ڕەگەکەیان یەکە. شاعیر تەنها لە هۆنراوەیەکدا لەم جۆرە دژیەکەی بەکارهێناوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٠٣,٣٣%) بۆ نمونە:

**ئاش دەگێڕی بۆ نەزانی**

**زاناش سەرگەردان بۆ نانی** (هێدی: ٣٢٨)

(نەزان) و (زانا) دوو ئاوڵناون یەکەمیان نەرێیە و ئەوەی تریان ئەرێ. دەبن بە دوو وشەی دژ بە یەك و وێنەیەکی زۆر تراجیدییان دروستکردووە کە گوزارشت لە ناعەدالەتیی ژیانی مرۆیی دەکات.

سەرجەم ئەو جووتە وشانەی کە دژیەکیان دروستکردووە. بە جۆری (ئەرێ و نەرێ)وە لە شعرەکانی (هێدی)دا ژمارەیان دەگاتە (١٧٩)، کە (١٤٥) دانە لە جۆری دژیەکی ئەرێ (فەرهەنگی) و (٣٤) دانەش لە جۆری دژیەکی نەرێیە. کە لەم خشتەیەدا جۆری ئەرێ و نەرێی دژیەکەکان دیاریکراوە.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دژیەک | | | | | ١٧٩ | |
| ژ | جۆری دژیەکی ئەرێ | ژمارەی بەکارهێنان | ڕێژەی سەدی | ژ | جۆری دژیەکی نەرێ | ژمارەی بەکارهێنان | ڕێژەی سەدی |
| | دژیەکی ئەرێ | ١٤٥ | % ٨١,٠٠ | | دژیەکی نەرێ | ٣٤ | %١٨,٩٩ |
| -١ | دژیەک لە نێوان دووناو | ٦٤ | %٤٤,١٣ | -١ | دژیەک لە نێوان دوو ناودا | ٣ | %٠٨,٨٢ |
| -٢ | دژیەک لە نێوان دووکار | ١٢ | % ٠٨,٢٧ | -٢ | دژیەک لە نێوان دوو کاردا | ٢٩ | %٨٥, ٢٩ |
| -٣ | دژیەک لە نێوان دوو چاوگ | ٣ | %٠٢, ٠٦ | -٣ | دژیەک لە نێوان دوو چاوگدا | ١ | %,٠٢,٩٤ |
| -٤ | دژیەک لە نێوان دوو ئاوڵناو | ٣٦ | % ٢٤,٨٢ | -٤ | دژیەک لە نێوان دوو ئاوڵناودا | ١ | %,٠٢,٩٤ |
| -٥ | دژیەک لە نێوان دوو ئاوڵکار | ٣٠ | %٢٠ ,٦٨ | | | | |

**تەوەری سێیەم:**

**پاتکردنەوە (التكرار)**

یەکێک لە دیاردە بەرچاوەکانی پێکهاتەی بنیاتی شیعر، لە ئێستا و ڕابردوودا، تەکنیکی پاتکردنەوەیە. بە ڕادەیەک، دەتوانرێت بگوترێ هیچ دەقێکی شیعری نییە کە پاتکردنەوەی تێدا پەیڕەو نەکرابێت. هونەری پاتکردنەوە خەسڵەتێکی زمانییە و لە شیعردا زۆر بەکاردێت. کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر مۆسیقای ناوەوەی شیعر هەیە، چونکە شاعیر لە ئەنجامی پاتکردنەوە، جۆرە ئاواز و ئاهەنگێکی تایبەتی بە دەقە شیعرییەکە دەبەخشێت. لە سادەترین پێناسەدا، پاتکردنەوە "بریتییە لەوەی کە قسەکەر زاراوەیەک دێنێ و وەک خۆی پاتی بکاتەوە، جا ئەگەر زاراوەکە لە رووی واتاوە وەک یەک بن، یان جیاوازبن". (خۆشناو، ٢٠٢٠:١٠٦)

چەمکی پاتکردنەوە لە دەق ئەدەبیدا، وەک دیاردەیەکی هونەری سنوورێکی بەرفراوانی هەیە. لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو هونەرانەی بەشداری لە دروستبوونی مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی شیعردا دەکەن وەک (کێش، سەروا، هاوکێشەی هاوسەروا، ڕەگەزدۆزی...) پشت بە پاتکردنەوە دەبەستن. بە پێی قسەی (ابن رشيق القيرواني) پاتکردنەوە دەبێت بە دوو بەشەوە؛ ئەوانیش بریتین "لە (پەسند، ناپەسند) لە هەندێ دەقی شیعری پەسند دەبێت. کە پاتبوونەوەکە لە ئاخاوتن و دەربڕیندا دروست بوونبێت نەک لە مانادا. ناپەسند دەبێت کە دەستەواژە و مانا لە دەقە شیعرییەکە پاتببنەوە. ئەمەش مانای دەستهەڵگرتن دێت لە چاوی خوێنەردا " القيرواني، ١٩٨٣: ٤٦). بۆیە پێویستە شاعیر زۆر بە لێهاتوویەوە مامەڵە لەگەڵ پاتبوونەوەی دەنگ و وشە و گرێ دەستەواژەکان بکات و بە شێوەیەکی وردی هونەری وا بەکاربهێنێت سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و تام و چێژی پێ ببەخشێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین "پاتکردنەوە دیاردەیەکی هاوکێشی و هاوئاوازییە و بە دیارترین بنەمای مۆسیقای ناوەوەی شیعر دادەنرێت و بەو هۆیەوە شاعیران هەر لە کۆنەوە بەکاریان هێناوە و بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو هەستەی کە لەناخ و جۆش و خرۆشی شاعیردا هەبووە" (کنوانی، ٢٠٠٢: ٤٦). ئەم پاتبوونەوانەی کە (هێدی) لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، ئەمانەن: پاتکردنەوەی (پیت، وشە، ڕستە، دێڕ...هتد). لێرەدا بە شێوەیەکی ڕیزبەندی جۆری پاتکردنەوەکان لەلای شاعیر لە هەردوو ئاستی (ئاسۆیی و ستوونی)دا دەخەینەڕوو:

**أ - پاتبوونەوە لە ئاستی ئاسۆییدا:**

**یەکەم - پاتکرنەوەی دەنگ :**

دەنگ سەرەکیترین پێکهاتەی زمانە، ئەو کەرستە خاوەیە، کە وشەو دەستەواژەی لێ دروست دەکرێت. لەم جۆرەدا ڕێژەیەکی زۆری پاتبوونەوە هەیە. "جیاکردنەوەی دەنگ لە بابەتی پاتکردنەوەی پیت، لەبەرئەوەیە ژینگەی پیتەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دەربڕینی دەنگیدا هەیە، هەندێ جار

بەهێز و هەندێ جاریش بێ هێز" (خۆشناو،٢٠٢٠: 109). هۆکاری ئەمەش جگە لەو هەڵبژاردن و یەکخستنەی کە شاعیر ئەنجامی داوە، بۆ سنورداریی دەنگەکان لەنێو هەر زمانێکدا، دەگەڕێتەوە.

**أ - هاوبزوێن:**

پاتبوونەوەی دەنگێک یان چەند دەنگێکی بزوێنە کە چەند جارێک لە شیعرەکەدا پات دەبێتەوە. هیچ برگەیەک بەبێ بزوێن نابێت. هەرچەندە کاریگەری دەنگە بزوێنەکان بە بەراورد بە پاتکردنەوەی دەنگە نەبزوێنەکان، لەکاتی پاتبوونەوەیاندا هێندە دیارنین، بەڵام لە ڕووی ئەرکەوە، هاوکارییەکی زۆری بەرجەستەکردنی مۆسیقای پاتبوونەوەی پیتە نەبزوێنەکان دەکەن، "پیتە بزوێنەکانیش دوو جۆرن، بزوێنی درێژ: ماوەی زەمەنی دێڕ و ڕستە و شیعرەکە زیاد دەکات. بزوێنی کورت: ماو کەمی بۆ دەربڕین دەوێت و خێرایی تێکست نیشاندەدات " (مەعروف، ٢٠١٧: 120). شاعیر بە ڕێژەیەکی بەرچاو و بەپێی گونجان، پیتی بزوێنی لە شیعرەکانیدا پاتکردووەتەوە. بۆ نموونە:

**ئەگەر ژانە، ئەگەر برکە، ئەگەر خەم          دەبێ سەودام لەسەردا بێ هەتا هەم**   (هێدی: ٣٩٢)

واتە شاعیر لەم دێڕە هۆنراوەیەدا (١٥) جار پیتی بزوێنی (ە)ی لە ئاستی ئاسۆییدا پاتکردووەتەوە.

**ب - هاونەبزوێن:**

بریتییە لە پاتکردنەوەی چەند پیتێکی نەبزوێن لە دێڕێ یان سەرجەمی شیعرەکەدا، کە بەشداری لە ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شیعرەکە دەکەن. شاعیر لە هۆنراوەی (پایز)دا، دەڵێت:

**غەیری پێشمەرگە هەر سەنگەرە جێ ی ڕۆژ و شەوی**

**سەنگەری گرتووە بردوویە ، زراوی نەتەوەی** (هێدی: ١٧٨)

پیتی (ر) بە شێوەیەکی یەکسان (٨) جار لەم دێڕە هۆنراوەیە، پاتبووەتەوە و جۆرێك لە مۆسیقای دروستکردووە و وای کردووە کە خوێندنەوەی دێڕەکە لەسەر زار زۆر خۆش و ڕەوان بێت.

**دووەم - پاتکردنەوەی وشە :**

بریتییە لە پاتکردنەوەی وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک زیاتر لە جارێک لە شیعرێکی تەواودا یا دێڕە شیعرێکدا پات دەبێتەوە. شاعیران بۆ بەرجەستەکردنی هەڵچوونی دەروونی و هونەرەکانی جوانکاری پەنایان بۆ ئەم جۆرە تەکنیکەی پاتبوونەوەی وشە بردووە. بەمەش بنیاتی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانیان پی بەهێز کردووە. پاتکردنەوەی وشەش بەپێی جۆری وشە پاتبووەکە دەگورێت، "وشەکان ئەگەر ناوبن، وەک خۆیان پاتدەبنەوە، ئەگەر (کار)یش بن، بەپێی ئەرکە ڕێزمانییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت" (خۆشناو، ٢٠٢٠: 120). پاتکردنەوەی وشەش لای شاعیر چەند جۆرێکە:

**١- پاتکردنەوەی وشە لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم و دووەم**

مەبەست لەو جۆرە پاتکردنەوە، زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر مانا و مەبەستی ئەو وشەیە، جۆرێکە لە تەکنیک و جوانکاری کە شاعیران لە هەندێ لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا پەیڕەویان کردووە. (هێدی)ش یەکێکە لە شاعیرانەی ئەم جۆرە پاتکردنەوەیەی لە شیعرەکانیدا بە ڕێژەی ( ١٦,٥ %) بەکارهێناوە. بۆ نموونە:

**شای ئەو دەمە ناوی ئەژدەهاک بوو**

**شای چی ؟ وەکو شێری سامناک بوو**   (هێدی:٢٨٥)

لە سەرەتای هەردوو نیوە دێڕی یەکەم و دووەم وشەی (شا) پاتبووەتەوە. لە نیوە دێڕی یەکەمدا (ناو)ە بە هۆی (ئەژدەهاك)ەوە دەرخراوە، واتە (ئەژدەهاك) خۆی دەرخەرە. شاعیر سەرەتا تەنیا ناوی (شا)ی سەردەمی مادەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات، دواتر لە ڕێگەی سەرسوڕمانەوە سیفەت و خەسڵەتی (ئەژدەهاك)مان پێشکەشدەکات کە چ (شا)یەکە؟ لە شێری سامناك دەچێت. هەرچەندە هەموو شێرێك هەر سامناکە بەڵام شاعیر لێرەدا لەبەر کێش و سەروا ئەم وێنەیەی کێشاوە کە بە بڕوای ئێمە وێنەیەکی زۆر بەهێز نییە.

**٢- پاتکردنەوەی وشە لە سەرەتا و کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم:**

جۆرێکی تری هونەری پاتکردنەوەی وشەیە، کە وەک خۆی پات دەبێتەوە یان بەکەمێک گۆڕانکارییەوە. شاعیر لەچەند هۆنراوەیەکدا پەیڕەوی کردووە. ڕێژەکەی ( ٠٢,٦ %) بۆ نموونە:

**شینی ئەو ناوە هەموی جێ شینە - - - گەر تەڕایی هەبێ هەر ئەسرینە** (هێدی:٢٥٠)

شاعیر باسی باردۆخی ژیان و تاسەی دەروونی خۆی دەکات لە کاتی دەربەدەری و جێهێشتنی شار و زێدی خۆی، هەست بە دڵتەنگی و تێکچوونی لایەنی دەروونی دەکات، وای لێکردووە خەم دایبگرێ و شین بکات، گەر شتێ ئاسودەی بکات، فرمێسکەکانییەتی.

**٣- پاتکردنەوەی وشە لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و سەرەتای نیوە دێڕی دووەم**

ئەمەش یەکێکی ترە لە تەکنیکەکانی پاتکردنەوەی وشە، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی کردووە. ڕێژەی بەکارهێنانی ( ٠٥,٦٨ %) هەروەک لەم هۆنراوەیەدا دەڵێت:

**جێژنی کۆن و ساڵی تازەی کوردەواری هاتەوە**

**هاتەوە ئاگری خەباتی ئەوگەلە خۆش کاتەوە** (هێدی: ٣٠٤)

شاعیر لەم دێڕەدا مەبەستی هاتنی نەورۆزە، کە بۆنەیەکی نەتەوایەتی کۆردە، لە کۆتایی وەرزی زستان و سەرەتای وەرزی بەهاری هەموو ساڵێکدا تاکی کورد بە پەرۆشەوە چاوەڕێی دەکات، خۆشی و شادی خۆیان دەردەبڕن، بۆیە لە خۆشیی نەورۆزدا دووجار وشەی (هاتەوە) پات دەکاتەوە.

**٤- پاتکردنەوەی وشە لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم و کۆتایی نیوە دێڕی دووەم**

هونەری پاتکردنەوەی وشە لەم جۆر لای شاعیر ڕێژەیەکەی کەمە و دەگاتە ( ٠١,٢٩ %). بۆ نموونە

**دێم گیانی شیرین لەبەرپێی داوێم**

**تا چیای شیرین بەرە و پیری دێم** (هێدی: ٣٤٨)

شاعیر لەم دێڕەدا، باس لەقوربانیدان و بەختکردنی گیانی خۆی دەکات، کە بی بەخشێت لە پێناو سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول و ڕادەی خۆشەویستییەکەی بە جۆرێک بووە، هەمیشە لە پێشوازیدا بێت. وشەی (شیرین)یش، دووجار لە ناوەڕاستی هەردوو نیوە دێڕەکە پات بووەتەوە، لە ڕووی پێکهاتەوە ئەرکەوە، وشەی (شیرین) لە نیوە دێڕی یەکەم ئاوەڵناوە، ئەرکی دیارخەری ناوە، لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەی (شیرین) ناوە، دیارخەری ناوێکی دیارخراوە

**٥ - پاتکردنەوەی ئەو وشانەی کە خۆیان لە دوو بەشی وەک یەک پاتکراو پێکهاتوون.** وەک: ( نم نم، دەستە دەستە، پۆل پۆل، تاقم تاقم... هتد). شاعیر بە ڕێژەی ( ١٦,٧٩ % ) ئەم جۆرە دووبارکردنەوەیەی بەکارهێناوە. بۆ نموونە:

**دەم دی گوێ لە واژەی شیرینی تۆ دەگرن**

**پۆل پۆل پەری بەجوێ ئەستێر بە جوێ** (هێدی: ٣٥١)

ئەم جۆرە پاتکردنەوەیەش خۆی لە خۆیدا چەند جۆرێکە:

**١- پاتکردنەوەی دووبی:**

مەبەست لە پاتکردنەوەی ئەو وشانەیە کە لە دووبەشی وەک یەکی پاتکراو پێکهاتوون که وشە پاتبووەکە دووجار بەدوای یەکدا دێت. لە ڕاستیدا ئەمە بچووکترین سنووری پاتکردنەوەیە. شاعیر بە چەند شێوەیەکی جیاواز لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە. ئەم جۆرە پاتکردنەوەیە لەمانە پێکدێت:

**ا- یەک پاتکردنەوە :**

**لە هەرێمی سەوودا سەران**

**دەکرێ سەودای گران گران** (هێدی: ٣٥٥)

لەم دێڕەدا وشەی (گران گران) دووجار پات بووتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە جوانکاری وشەیی شاعیر پەیڕەوی کردووە.

**ب- دوو پاتکردنەوە :**

لێرەدا دوو وشە پات دەبێتەوە لە سنووری دێرە شیعرەکەدا. بۆ نموونە:

**بێ وەفایی تۆ گوڵم وای کرد بەڵێنم دا ئیتر**

**خەم نەخۆم بۆوردە خاڵان کەم کەم و دەم دەم نەبێ** (هێدی: ٣٢٧)

لەم دێڕەدا شاعیر لە داخی بێ وەفایی یار، پشت لە دڵ دەکات و عەقڵ دەکات بە خاوەن بڕیار، بۆیە بەڵێن بە خۆی دەدات کە زۆر بە دەگمەن نەبێت ئیتر خەم نەخوات بۆ یارێکی بێ وەفا. لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەی (کەم) وەک ئاوڵکار دووجار بە هاوشێوە و هاوواتا پاتکراوەتەوە، هەر لە نیوە دێڕی دووەمدا لەدوای ئەم پاتکردنەوەیە، وشەی (دەم) وەکو ناوێک دووجار بە هاوشێوە و هاوواتا پاتکراوەتەوە.

**٢- پاتکردنەوەی سێی:**

ئەو پاتکردنەوەیەیە، کە وشە پاتبووەکە سێ جار بەدوای یەکدا دێت. لەڕاستیدا ئەمە سنوورێکی فراوانتری پاتکردنەوەیە. لەو کەمتر پاتکردنەوەی دووبیە. بۆ نموونە:

**شەربەت شەربەت شەربەت چی یە**

**دەی جا چیبوو ئاوەکی یە** (هێدی: ١٦٨)

پاتکردنەوەی وشەی (شەربەت) سێ جار لە نیوە دێڕی یەکەم، جۆرێک لە بێزاری و نامۆ بوونی شاعیر، بە خواردنەوەی شەربەت نیشاندەدات، لەبەر ئەوەی بووە، بە هۆکاری لە تێکدانی خۆشی شادی ئەو کاتەی شاعیر تێیدا بووە.

وشەی (شەربەت) ناوە و لە ڕوو پێکهاتنەوە، سادەیە، لە نیوە دێڕی یەکەمدا سێ جار پاتبووەتەوە.

**٦ - پاتبونەوەی وشە لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و دووەم:**

واتە پاتبونەوەی دوو وشەی وەک یەکە لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەم. ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم پاتکردنەوەیە، لای شاعیر زۆرە و دەگاتە ( ٢١,٤٤ %) بۆ نموونە:

**کێو نابڕێ دەنگی کەوی کێوی بانگ دەکاتە کەوی** (هێدی: ٣٣٧)

واتە کێو دەنگی کەو نابڕێت، کاتێک کێو بانگی کەو دەکات، وشەی (کەو) لە کۆتایی هەردوو نیوە دێڕەکەدا، بە ئەرکی جیاواز هاتووە، لە نیوە دێڕی یەکەم دیارخەری ناوە، لە نیوە دێڕی دووەم دیارخەری گرێیە.

**٧- پاتکردنەوەی وشە لە ناوەڕاستی هەردوو نیوە دێڕەکە وەک:**

بەکارهێنانی دوو وشەی سادە یان ناسادە لە ناوەڕاستی هەردوو نیوە دێڕەکە، جۆرێکی تری هونەری پاتکردنەوەیەیە کە شاعیران پەیڕەویان کردووە. بێگومان (هێدی)ش لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە هونەرە بێ بەش نەبووە و بەرێژەی( ٢١,٤٤ %) بەکاریهێناوە. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (چاوەڕێ)دا دەڵێت:

**ڕازی من ون ناکرێ تازە هەتا دیدەم هەیە**

**کارلە حاشا دەرچوە دیدە ئەوەندەی نەم هەیە** (هێدی: ٤٠٩)

لێرەدا دەبینین لە ناوەڕاستی هەردوو نیوە دێڕەکەدا وشەی (دیدە) پاتبووەتەوە.

**٨- پاتکردنەوە بە هۆی ئامراز:**

ئەمەش جۆرێکی تری هونەری پاتکردنەوەیە، کە بەهۆی ئامرازەوە دوو شەی وەک یەک پاتدەبێتەوە، ڕێژەی بەکارهێنانی ( ١١,١١ %) بۆ نموونە:

**کە دەست بە دەست و زار بە زار**

**بروا پرکا شار و بازاڕ** (هێدی، ئاوێنە شکاو: ٣٣١)

**٩- پاتکردنەوە بە هۆی وشەوە:**

لەم جۆرە پاتبوونەوەیە، وشە پاتبووەکان وشەیەک دەکەوێتە نێوانیان، شاعیریش تا ڕادەیەک ئەم جۆرەی بەکارهێاوە، ڕێژەکەی ( ٠٣,٨٧%) بۆ نموونە:

**سەر ناباتە سەر لاپەڕێ**

**لەرەگی شیعریش دەگەڕێ** ( هێدی، ئاوێنە شکاو: ٣٣٠)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا دووجار وشەی (سەر) هاتووە. یەکەمیان ناوە و مەبەست لێی سەری مرۆڤ، دووەمیشیان ئاوەڵکاری شوێنییە.

**ب - پاتبوونەوە لە ئاستی ستوونی:**

پاتکرنەوە لەم ئاستەدا زیاتر (وشە، گرێ، ڕستە) دەگرێتەوە، کە هەر سێ ئاستەکە لە شیعرەکانی هێدیدا بەکارهاتوون و ڕێژەی بەکارهێنانەکەشی دەگاتە (٠٦,٢٩%).

**١- پاتکردنەوەی وشە:**

واتا پاتکردنەوەی وشەیە، شاعیر وشەکە بە شێوەی پچڕ پچڕ لەئاستی ستوونی لە دێڕە شیعرەکەدا دەخاتە ڕوو. هێدیش پاتکردنەوەی وشەی لەئاستی ستوونی بە ڕێژەی (٦١,٥٣ %)، لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. بۆ نموونە:

**لەوێ تاکە تۆش چاوت لەوی بێ**

**لە پارێز بردن و هات و هەوی بێ**

**لەوێ نی تۆ لەکاتی شەونخوندا**

**لە نێو ئاگر و بڵێسەی ڕۆژی ڕووندا**

**لەوێ نی تۆ هەتا هاوار بکا لێت**

**برا پێشمەرگەکەی دڵسۆزی هاورێت** (هێدی: ١٥١)

ئەگەر سەیری هۆنراوەکە بکەین،، دەبینین وشەی (لەوێ) بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ لە ئاستی ستوونیدا پاتبووەتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە شێوازی شاعیر کە بەم شێوەیە وشەی (لەوێ)ی بۆ چەند جارێک پاتکردووەتەوە .

هەندێ جاریش لە غەزەلێک یان چیرۆکە شیعرێکدا، وشەیەک لە ئاستی ستوونیدا لە چەند دێڕێک پات دەبێتەوە، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوە کە لە لای هێدیدا بەرچاومان دەکەوێت:

**هات و هێنای بۆنی بەهار هەمووجێی هەرکردە بەهار**

**هات و هەزار فەخر پێوە پێی نا کوردستانی نوێوە**

**هات و هاتنی وەک هەتاو ناوەندیەک و پرشنگ و بڵاو**
**هات و هاتنێکی ئەوتۆ نەی هێشت خەم داگرم ئەوڕۆ**
**هات منی خستە گڕو گاڵ وەزمانی هێنام وەک مناڵ**
**هات و وای گرت دەوروبەرم هەوای زۆزان کەوتە سەرم** (هێدی: ٣٥٣)

لە هۆنراوەی (نەورۆز)یشدا، وشەی (پەرچەم)ی بە شێوەیەکی ستوونی (٤) جار پاتکردووەتەوە. ئەمەش بە مەبەستی دەرخستنی وێنەی جۆراوجۆری وشەکە.

**پەرچەمی شۆڕش خەڵاتی ئێمەیە هێناوی یە**
**پەرچەمێک بۆ ناحەزی ئەو خاکە چقڵی چاوییە**
**پەرچەمێک تا تۆ بڵێی ڕەنگین و بەرزو ڕێک و پێک**
**پەرچەمێکی وا کە قوربانی نەبێ شەرمە گەلێک** (هێدی: ٣٠٥)

بەکارهێنانی وشەی (پەرچم) لە ئاستی ستوونیدا، جۆرێکە لە یاریکردن بە وشە و شێواز و توانا و لێهاتوویی شاعیرە، لە هەمان کاتیشدا، توانیویەتی بە پاتبوونەوەی یەک وشە وێنەی جیاواز دروستبکات، وشەی (پەرچەم)، لە نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی یەکەم و لە نیوە دێڕی دووەمی دێڕی دووەم (گرێی ناوی) دروستکردووە و ئەرکی نیهادە، لە نیوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی دووەم (ناوە) ئەرکە نیهادە.

**٢- پاتبوونەوەی ڕستە:**

هەندێ جار (هێدی) هونەری پاتکردنەوە لە (گرێ)ش تێپەڕاندووە. ڕستەیەک یا دێڕ و نیوە دێڕی لە شیعرەکەدا پاتکردووەتەوە. ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە پاتکردنەوەیە دەگاتە ( ٣٤,٦١ %). بۆ نموونە:

**وەرە بۆم بڵێ بەدەنگێکی خۆش وەرە منیان کوشت پەژارە و پەرۆش**
**بەندی پایزەی پایزان درەنگ گەڵاڕێزانی ئێوارەی کەم ڕەنگ**
**خۆکۆکردنەوەی زەردی ڕەنگ پەریو بازە بەرانی هەتاو بۆ نەدیو**
**وەرە بۆم بڵێ ئەوڕۆ هەرئەوڕۆ سەری من گەرم و گراوی نامۆ**
**سوارۆی بەتەنێ ی هیوای لاوان گەلۆی ئوستورەی فەرهەنگی باوان**
**وەرە بۆم بڵێ و چش کە لەخەمێ وەک شەمزین بەندم بۆ باوێ شەمێ**
(هێدی: ٣٤٠)

لەم شیعرەدا ڕستەی (وەرە بۆم بڵێ)ی بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش زیاتر لە جارێک پاتکردووەتەوە. ئەمەش وا لەخوێنەر دەکات دوای هەموو (وەرە بۆم بڵێ)یەك چاوەڕێی گوزارشت و وێنەی نوێ بکات.

**٣- پاتکردنەوەی دێڕە شیعر:**

ئەمەش بە یەکێک لەپێکهاتەکانی پاتکردنەوە دادەنرێت. کە بریتییە لە پاتکردنەوەی دێڕ، شاعیر تەنها لە تەنیا لە یەك شیعرێکدا ئەم جۆرە پاتکردنەوەیەی بەکارهێناوە کە ڕێژەکەی (**03,٨٤%**)، لە کۆتایی هەر کۆپلەیەکی شیعرەکەدا دێڕە شعرێکی بەبێ دەستکاری وەکو خۆی پاتکردووەتەوە. ئەویش شیعری (بۆ براکەم)ە کە دەڵێت :

**وێنەکەت دەرمانی سەر جەرگی برینداری منە**
**وەختێ دڵتەنگی بەبێ تۆ هەر ئەوە یاری منە**
**دیتنی ڕووناکی بۆ دوو چاوی جۆباری منە**
**تاکو لێت دوورم عەزیزم شیوەنت کاری منە**
**چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە**
**چۆن بژیم من؟ تۆ لوێ من لێرەوە**
**نامە سەردوو چاوی تەڕوێنەت ئەدوێ لە دوی ماچکردنی**
**سەر دڵی شێوای خۆمە جێ ی لە پاش هەڵگرتنی**
**شەمعی ڕووت بۆ من حەیاتی باقیە هەڵ کردنی**
**وا لەدڵ هاڵاوی بەخوا حەستەمە لابردنی**
**چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە**
**چۆن بژیم من؟ تۆ لوێ من لێرەوە** (هێدی: ١٨٥ -١٨٦)

پاتکردنەوە ئەم دێر شیعرە، پەیوەندی بە باروودۆخی دەروونی شاعیرەوەیە، بە هۆی دووری براکەی لە غوربەت و بیرکردنی هەستی خۆشەویستی بۆ دەبریوە.

سەرجەم ئەو وشە و ڕستەی پاتبوو، بە هەموو جۆرەکانیانەوە بە شێوەی ئاسۆیی و ستوونی لە شیعرەکانی (هێدی)دا (٤١٣) جار پاتبوونەتەوە، کە (٣٨٧)یان بە شێوەی ئاسۆیی و (٢٦) جاریش بە شێوەی ستوونییە، وەک لەم خشتەیەی خوارەوە دیاریکراوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| پاتبوونەوە لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونی | | | ٤١٣ |
| جۆری پاتبوونەوە | | ژمارەی بەکارهێنان | ڕێژەی سەدی |
| | أ- لەئاستی ئاسۆیی | ٣٨٧ | % ٩٣,٧٠ |
| -١ | پاتکردنەوەی وشە لە سەرەتایی نیوە دێڕی یەکەم و دووەم | ٦٤ | % ١٦,٥ |
| -٢ | پاتکردنەوەی وشە لە سەرەتا و کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم | ٨ | %٠٢,٦ |
| -٣ | پاتکردنەوەی وشە لەکۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و سەرەتای نیوە دێڕی دووەم | ٢١ | % ٠٥,٦٨ |
| -٤ | پاتکردنەوەی وشە لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم و کۆتایی نیوە دێڕی دووەم | ٥ | %٠١,٢٩ |
| -٥ | پاتکردنەوەی ئەو وشانەی کە خۆیان لە دوو بەشی وەک یەک پاتکراو پێکهاتوون | ٦٥ | % ١٦,٧٩ |
| -٦ | پاتبونەوەی وشە لەکۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و دووەم | ٨٣ | % ٢١,٤٤ |
| -٧ | پاتکردنەوەی وشە لە ناوەڕاستی هەردوو نیوە دێڕەکە | ٨٣ | % ٢١,٤٤ |
| -٨ | پاتکردنەوە بەهۆی ئامراز | ٤٣ | % ١١,١١ |
| -٩ | پاتکردنەوە بەهۆی وشەوە | ١٥ | %٠٣,٨٧ |

| جۆری پاتبوونەوە | | ژمارەی بەکارهێنان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| | أ- لە ئاستی ستوونی | ٢٦ | %٠٦,٢٩ |
| | پاتکردنەوەی وشە | ١٦ | % ٦١,٥٣ |
| | پاتکردنەوەی ڕستە | ٩ | % ٣٤,٦١ |
| | پاتکردنەوەی دێڕە شیعر | ١ | % ٠٣,٨٤ |

### ئەنجامەكان

لە كۆتایی توێژینەوەكەدا كەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. لە هونەرەكانی جوانكارییدا، (هێدی) هەرسێ هونەری (رەگەزدۆزی، دژیەك، پاتكردنەوە)ی بەكارهێناوە و لە هەرسێكیشیاندا ئەوەی پیشانداوە كە خۆی وەكو شاعیرێك شارەزاییەكی باشی لە هونەرەكانی رەوانبێژییدا هەبووە و ئەمەش وایكردووە كە زمانێكی تایبەت و شیعرێی بەرزی هەبێت.
2. لە هونەرەكانی رەگەزدۆزییدا، (هێدی) زیاتر لە جۆری رەگەزدۆزی ناتەواوی بەكارهێناوە.
3. لە دژیەكیشدا زیاتر لە جۆری دژیەكی ئەرێی بەكارهێناوە رێژەی دژیەكی نەرێ بە بەراورد بە دژیەكی ئەرێ زۆر كەمە.
4. لە هونەرەكانی پاتكردنەوەشدا، زیاتر پاتكردنەوەی لە ئاستی ئاسۆییدا بەكارهێناوە تاوەكو ئاستی ستوونی.

### سەرچاوەكان

**بە زمانی كوردی:**

**<u>كتێب:</u>**


1. گەردی، مصطفی و ئەحمەد، موحسین، ( ٢٠١٣ )، بەهاری رەوانبێژی (واتاناسی- رەوونبێژی - جوانكاری)، چاپی یەكەم. چاپخانەی نارین، هەولێر.
2. عەبدوڵڵە، ئیدریس، (٢٠١٢)، جوانكاری شیعری كلاسیكی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
3. عەلی، دڵشاد، (د.)، ( ٢٠٠٧ )، دیلان و تاقیكردنەوەی شیعری، چاپی یەكەم - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
4. هێدی، خالیدی حیسامی، (١٩٩٧)، كاروانی خەیاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**<u>گۆڤار:</u>**

5. بابایی، ئیبراهیم، ( ١٣٨٨ )، جیناس لە پانتایی دیوانی وەفایی دا، گۆڤاری مەهاباد، ساڵی نۆهەم، ژمارە – ١٠٤، مەهاباد.
6. خۆشناو، سەرباس مەجید (م.ی)، ( ٢٠٢٠ )، پاتكردنەوە لە شیعری (سەدان ساڵەی)ی عەبدوڵڵا پەشێودا، زانكۆی سۆران – پەروەردە، بەشی كوردی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٣)ی – ژمارە، ١.
7. صابر، شادان شكر، (٢٠١٧)، هونەری رەگەزدۆزی لە شیعرەكانی خادیمدا، گۆڤاری زانكۆی كۆیە.
8. قادر، دیلمان أحمد و فرج، تریفە محمد، ( ٢٠١٩ )، دژواتا لە شیعری كوردیدا (دیوانی قانیع) بە نموونە ، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، خولی (٦) ژمارە ( ٤ ).

**<u>نامەی ئەكادیمی:</u>**

9. ئەحمەد، كەژاڵ حەمە ئەمین، (٢٠١٠)، بنیاتی هونەری لە شیعرەكانی فەرەیدون عبدول بەرزنجی، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
10. جامی، بەهار عبدالجبار، ( ٢٠١٢ )، هونەرەكانی جوانكاری لە شیعرەكانی عەونی دا، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.
11. مەعروف، هەرێم عوسمان، ( ٢٠١٧)، لیریكی گۆران لە روانگەی بونیادگەریی كراوە و تەواوكارانەوە، نامەی ماستەر، سكوڵی زمان، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

**بە زمانی عەرەبی:**

12. السجستانی، لأبی حاتم ، (١٩٩١)، كتاب الأضداد، القاهرة.
13. كندنی، عبدالرحیم ( الدكتور)، (٢٠٠٢)، من جمالیات ایقاع الشعر العربی، ط ١، دار أبی قراقر للطباعه والنشر.
14. قاسم، جمال ابراهیم، (٢٠١٢)، البلاغة الیسرة، دار ابن الجوزی، طبعة الاولی، للنشروالتوزیع القاهرة – مصر.
15. القیرواني، أبو علي الحسن بن إلأذي بن رشیق، (١٩٨٣)، العمدة فی محاسن الشعر و آدابه و نقده، تح: د. مفید محمد قمیحة، ط ١، دار الكتب العلمیه، بیروت.
16. المجذوب، عبدالله طیب (١٩٧٠)، المرشد الی فهم أشعار العرب وصناعتها، دار الفكر، بیروت.

**بەزمانی فارسی :**

17. سیروس، شمیسا (دكتر) (١٣٨٦)، نگاهی تازه به بەدیع، چاپ سوم، چاپخانە – تابش، تهران.

## ملخص البحث

مثلما نرى أن لكل فن من الفنون الجميلة وسيلتها الخاصة بها، فوسيلة الرسم على سبيل المثال هي اللون، و الرخام و الصوت وسيلتان للنحت و الموسيقى، و وسيلة الأدب هي اللغة. إذن يمكننا القول بأن الأدب هو استخدام فني للغة. وحتى يتسنى للشاعر أن يستخدم اللغة استخداما فنياً و يبدع فيها، لابد أن يكون على دراية كاملة بالفنون البلاغية. لا شك ان البلاغة و الفصاحة أمر ضروري لكل فرد، فبالإضافة الى كل المعلومات و الثقافة التي يمتلكها، لا يمكنه إيصال رسالته الى الطرف المقابل ما لم يكن بإمكانه أن يتكلم و يكتب بلغة بليغة و فصيحة. هذا بالنسبة لأي شخص عادي، فما بالك إذا كان الشخص شاعرا؟

من الفنون البلاغية التي تحضى بإهتمام الشعراء و من خلالها يعبرون عن إبداعاتهم و مستواهم الفني العالي، هو فن البديع. فالبديع جزء مهم من البلاغة، حضيت بإهتمام كبير من جانب المختصين و الشعراء، و يحتل مساحة واسعة في أشعار الشعراء مقارنة بالفنون البلاغية الاخرى، و يعزى ذلك الى أن الشعراء يجدون فيه الجماليات الادبية، بالإضافة الى دوره في تكوين الموسيقى الداخلية للنص الشعري. و يتكون البديع من قسمين رئيسين و هما (البديع اللفظي و البديع المعنوي) و هذان القسمان لهما صلة مباشرة برؤية الشعراء ما يجعلهم ان يبحثوا عن المفردات و الجمل التي مكنهم من خلق صور فنية، ومن جانب آخر له دور واضح في تكوين الموسيقى الخارجية و الداخلية للمفردات و التكرار المتعدد لها، كل هذا يساهم في ايجاد البدائع الفنية. لذلك نرى أن البديع قد تأخذ مكانة واسعة في دووابن الشعراء اكثر فأكثر.


**الكلمات المفاتيح**: البديع، الجناس، التضاد، التكرار


## Abstract

Since each of the fine arts has its own material for example, color is the material of painting, motion is the material of dancing, rock is the material plastic art, and the material of music is sound. The material of literature is language. Thus, we can say that the literature is an artistic use of the language. To enable the poets to use the language in an artistic way and to invent in it, they must have enough acquaintance in the rhetoric arts. Rhetoric and fluency in languages are important for everyone. Because besides his information and cultural level he has, if he does not have the capability of speaking fluently and writing then certainly, he cannot deliver his message to his opposite. Hence if this is the scenario for an ordinary person, then assume how much is it important for a poet?

The art of the beautification is one of the rhetoric arts which has a valuable concern by the poets where they can invent and show their high artistic level. Thus, the beautification is an important of rhetoric and has been given more concerns by the poets. It is one of the arts which has occupied a large area in the poets' diwans and has given special importance in compared to the other arts since the poets find the literary beautification in this art, and it is has a good aspect in the internal music of the poets' poems. The beautification art consists of two major part which are the beautification of wording and expression, these are in direct relation to the poets' view, and make them to look for the words and sentences to enable them to introduce a beautiful artistic image to the world of poetry. In another hand, the internal and external music of the words and their multi occurrences in repetition and narration lead the appearance of the artistic beautification. For this reason we can see that the stature of this art has increased considerably in the poets' diwans.


**Keywords**: Aesthetic, Rhyme, Contrast, Repetition

Jalal Anwer Saeed
Humer Resul Hasan